دەستنوێژگرتن نیوەی ئیمانە، و (ووتنی) -الحمد لله- پڕکاری تەرازوی چاکەکارییە، و (ووتنی) -سبحان الله والحمد لله- نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکەن

لە ئەبی مالیك حارس کوڕی عاسمی ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەستنوێژگرتن نیوەی ئیمانە، و (ووتنی) -الحمد لله- پڕکاری تەرازوی چاکەکارییە، و (ووتنی) -سبحان الله والحمد لله- نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکەن، ونوێژکردن نور وڕۆشناییە، وخێرکردن بەڵگەیە، وئارامگرتن ڕووناکیە، وقورئان بەڵگەیە بۆت یان لە دژت، هەموو خەڵکی بەیانی بەسەردا دێت لە (هەوڵدان، یان ڕزگارب نەفسی بەدەست دەخات (لە دۆزەخ) یان نەفسی تیا دەبات (بەهۆی خراپەکارییەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە پاکبوونەوەی دەرەکی -ئاشکرا- بریتیە لە دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن وئەمیش مەرجە بۆ قبوڵبوونی نوێژ. کاتێک دەفەرموێت: (-الحمد لله- تەرازووی چاکەکان پڕ دەکات)، وئەم زیکرە ستایشکردنی خوای گەورەیە بە سیفاتەکانی کاملبوونی لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشویستنی و بەمەزندانانی، ووتنی -سبحان الله- دانپێدانانە بەوەی خوای گەورە بەریئە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وپاک وپیرۆزە، ئەم زیکرە دەکێشرێت لە ڕۆژی قیامەتدا بۆیە تەرازووی کردەوەکان پڕ دەکات. وکاتێک دەفەرموێت: (-سبحان الله والحمد لله-) ؛ ئەمە بەپاکدانانی خوای گەورەیە لە هەموو کەموکورتیەک و وەسفکردنیەتی بە کەماڵ وتەواوی بەو شێوەیەی شیاوی شکۆداریەتی لەگەڵ خۆشویستنی و بەگەورەدانانی کە هێندەی نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکاتەوە. و(نوێژ ڕۆشناییە) بۆ بەندە لە دڵی، وڕووی، ولە گۆڕەکەیدا ولە ڕۆژی قیامەت. و(خێرکردن بەڵگەیە) ؛ بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی باوەڕی ئیماندار، وجیای دەکاتەوە لە مونافیق کە خێر ناکات چونکە باوەڕی بە پەیمان پێدان لەسەری نیە. و(ئارامگرتن ڕۆشناییە)؛ بریتیە لە بەندکردنی نەفس لە تورەیی وناڕەزایی دەربڕین وهەروەها گەرمی لەگەڵدایە، وەکو ڕۆشنایی خۆر ؛ چونکە سەختە بۆیە پێویستی بە جیهادکرنی نەفس هەیە وهەروەها بەندکردنی لەوەی نەفس حەزی پێی هەیە، بۆیە ئیماندار بەردەوام ڕۆشندار وهیدایەتدراوە ولەسەر ڕێگای ڕاست بەردەوامە، وئەمیش ئارامگرتنە لەسەر گوێڕایەڵی اللە، ودووركەوتنەوە لە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی، وهەروەها ئارامگرتنە لەسەر ناڕەحەتیەکان وجۆرەکانی ناخۆشی لە دونیادا. و(قورئان بەڵگەیە بۆت)؛ ئەمیش بە خوێندنی وکردەوە پێکردنی، یان (بەڵگەیە لە دژت)؛ ئەمیش بە دوورکەوتنەوە لە خوێندنی یان کردەوەپێکردنی. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە هەموو خەڵکی هەوڵدەدەن وبڵاو دەبنەوە وهەڵدەستن لە خەوەکانیان ودەردەچن لە ماڵەکانیان بۆ کردنی کاری جیاواز، تێیاندایە گوێڕایەڵی خوای گەورەیە بۆیە نەفسی خۆی دەرباز دەکات لە چوونە دۆزەخ، وتێیاندایە لادەدات لەمە وتووشی گوناهـ وتاوانەکان دەبێت بۆیە خۆی تووشی تیاچوون دەکات بەچوونە دۆزەخ.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66526